INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# بانگەوازیٚ بۆ ریٚکخراوە  پەنابەری و ئینسان دۆست و لایەن و کەسایەتی کان

بەریزان

هەروەك پیٚشتر رامان گەیاند  کەرۆژی  20 لەسەر 21 ی 11–2005 ، 15 پەنابەری کوردی عیراقی  لەژیر زەخت و لیدان بە کەلەپچەوە  بەرو فرۆکەخانەی لەندەن بەریٚ دەکریٚن،  پاشان بەرۆ قبرس  وە لەوێوە جلی سەربازیان لەبەردەکەن و بەفرۆکەی سەربازی رەوانەی شاری هەولێر دەکریٚنەوە.

بەپیٚ پەیوەندی بەردەوام بە پەنابەرانەوە کە لەگرتووخانەکانەوە بەدەستمان گەیشتووە لە ماوەی یەك هەفتەی رابردوودا دەیان پەنابەری کوردی تر لەکاتی ئیمزاکردنی پۆلیس و یان حملەی شەوانەدا  گیراون و راپیچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان کراون  وزیاتر لە 22 پەنابەری کورد لەگرتووخانەی دەست بەسەری کۆڵن برۆك راگیراون وە ژمارییەکی تری زۆری پەنابەران لە گرتووخانەکانی دۆنکاسەر ودۆڤەر و کامفیلڎ هاوس بیٚ هیچ لیٚ پرسینەوەیەك دەست بەسەرن  وە زۆربەیان پارێزەریان نی یە و خەڵکی سلیمانی و هەولێرو کەرکوك و شارەکانی تری کوردستانن و لەبەر دەم خەتەری ناردنەوەدان بۆ هەولێر .

ئەمە دوای برینی رێگی سەخت و رۆژگاری  تاڵ تا لەژیانێکی ئینسانی بەهرمەند بن،بەلام دەولەتی بریتانیا بە بەهانەی ئەمن بوونی کوردستان وەلامی رەفز دەدات بە پەنابەرانو دوای چەند ساڵ  لەچاوەروانی هیشتنەوە ، ئیستاش  بەدور لەهەموو پرانسیپێکی ئینسانی و پێچەوانە لەگەل یاساکانی نیو دەولەتی لە بارەی مافی پەنابەریٚوە کە لەگەل دەولەتانی ئەوروپا ئیمزایان لیٚداوە بەزۆر پەنابەرانی کورد دیپۆرت دەکاتەوە ،ئەم هەنگاوەی دەولەت پێویستی بە دەربرینی دەنگی نارەزایەتی ئازادی خوازانە و ئینسان دۆستانە بەرامبەری بووستنەوە.

بەریزان

پەنابەرانی کورد لەبریتانیا لەبەردەم مەترسی ناردنەوەدان ،ئێمە لەفیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کەمپێنێکی بەرفراونمان بەریٚ خستووە بۆ بەرگرتن بەم سیاسەتە دژ ئینسانی یەی دەولەتی بریتانیا ،داواکارین بەهەر ریٚگایەك پیٚتان دەکریٚ  ئیٚوەش نامەی نارەزایەتی رەوانەی باڵویزخانەکانی بریتانیا بکەن  داوای ئازاد کردنی ئەو پەنابەرە کوردانە بکەن و دژ بە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بن  و داوای راگراتنی سیاسەتی ناردنەوەو بەرەسمیٚت ناسینی مافی پەناپەری و مافی نیشتەجیٚ بوون بکەن بۆ پەنابەرانی کوردی عێراقی

**ناوی ژمارەیەك لەو پەنابەرە گیراوانە** :

| | ناو | دانیشتوی | ژمارەی کەیس |
|---|---|---|---|
| 1. | **کاوە ئەحمەد سالح** | **سلیمانی** | S-1091914 |
| 2. | **ئیبراهیم علی کریم** | **سلیمانی** | K-1184544 |
| 3. | **حەسەن ئەحمەد محەمەد** | **سلیمانی** | H-1053506 |
| 4. | **هوشیار معروف** | **هەولیر** | C-V 10579 |
| 5. | **هونەر ئیبراهیم ئیبراهیم** | **هەولیر** | 10580 |
| 6. | **زانا کاکا مەند فەقی** | **سلیمانی** | F-1053778 |
| 7. | **دارەوان زار** | **کۆیە** | C-V 10577 |
| 8. | **کرمانج رەشید عزیز** | **کرکوك** | R-1092095 |
| 9. | **عبدولله علی ئەحمەد** | **کرکوك** | A1199892 |
| 10. | **ئەحمەد هیوا محمد** | **کرکوك** | C-V 0529142 |
| 11. | **ئەحمەد محەمەد صالح** | **سلیمانی** | M-1208353 |
| 12. | **جاف عمر محەمەد** | **جلەولا** | G-1108532 |
| 13. | **علی مصتفی یوسف** | **هەولیر** | U-1062329 |

**دەتوانن وینەیەکی نامەی نارەزایەتیٚ کانتان ئاراستەی ئەم      ئەدرەسانەی خوارەوە بکەن**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk Tel:/ 07739338178 Tel:/ 07866757213 Office Tell/ 0161 234 2784

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2005-11-30

**www.federasion.org** Tel:0 7734704742